ڕۆڵی بەکارهێنانی شاشەی زیرەک لەسەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتی منداڵانی تەمەن ٦ بۆ ١٢ ساڵان تۆژینەوەیەکی مەیدانیە لە شاری سلێمانی.

م.ی. دیدار کەمال ڕەئوف [1]، م.ی. ئەڤین خالد قادر [2] و م.ی. هێمن عزیز محمدامین [3]

[1]کۆمەڵناسی خێزان - پەروەردەی ڕۆژهەڵات - بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی: pedagogy5-32@spu.edu.iq
[2] کۆمەڵناسی خێزان - بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی avin.qader@univsul.edu.iq
[3]ئەنتڕۆپۆلۆجیا - بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی:Hemin.mohammedamin@univsul.edu.iq

نووسەری پەیوەندیکار: م.ی. دیدار کەمال ڕەئوف*

پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە مەبەستی تێگەیشتنی قوڵ لە کاریگەریی بەکارهێنانی شاشە زیرەکەکان (مۆبایلی زیرەک، تابلێت، و تەلەڤزیۆن) لەسەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتی منداڵانی تەمەن ٦–١٢ ساڵ لە شاری سلێمانی ئەنجام دراوە. ئەم قۆناغەی گەشەکردن بە بنچینەی بەدەستهێنانی لێهاتوویەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی و دروستکردنی پەیوەندییە مرۆییەکان دادەنرێت، لەبەرئەوەی شێوازی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا بە شێوەیەکی دیار کار دەکاتە سەر ڕەفتاری منداڵ و ژیانی خێزانی.

توێژینەوەکە بە ڕێبازی چۆنایەتی (Qualitative Approach) ئەنجام دراوە و نموونەکەی پێکهاتووە لە ١٥ دایک و باوک کە منداڵی تەمەن ٦–١٢ ساڵیان هەیە و منداڵەکانیان بە شێوەیەکی ڕۆژانە شاشە زیرەکەکان بەکاردێنن. کۆکردنەوەی زانیارییەکان لە ڕێگەی ئامرازی چاوپێکەوتنی نیمچەکراوە ، و زانیارییەکان بە ڕێگەی شیکاریی/بابەتی (Thematic Analysis) بەپێی هەنگاوەکانی (Braun & Clarke) شیکراونەتەوە.

ئەنجامەکانی شیکارییەکە لە نێو تەوەرەی سەرەکیدا دەستنیشانکران: ماوە و کاتی بەکارهێنانی ڕۆژانەی شاشە، ،کاڵبوونەوەی پەیوەندی و گفتوگۆی خێزانی،لاوازبوونی بەشداری لە یاریی ڕۆژانە و پەیوەندی لەگەڵ هاوڕێیان، تووندوتیژی و لاساییکردنەوەی ڕەفتاری نەگونجاو، تووڕەبوونی خێرا و سەرهەڵدانی ڕەفتاری سەرپێچیکارانە لە کاتی دانانی سنووردا، لاوازی لە دەربڕینی زمانی و توانای گفتوگۆ، گۆشەگیری کۆمەڵایەتی و ئاڵوودەبوونی دیجیتاڵی،تێکچوونی سەرنج، خەیاڵڕۆیشتن و کەمبوونەوەی تەرکیز، شێوازی چاودێریی خێزانی.

بەپێی ئەزموون و تێڕوانینی بەشداربووان، بەکارهێنانی بێسنوور و ڕێکنەخراوی شاشە تارادەیەک بووەتە هۆی کەمبوونەوەی کارلێکە کۆمەڵایەتییە ڕاستەوخۆکانی منداڵان. هەروەها دەرکەوتووە کە جۆری ناوەڕۆک، چاودێریی چالاکی دایک و باوک، و دروستکردنی هاوسەنگی لە نێوان کاتی شاشە و چالاکییە جەستەیی و کۆمەڵایەتییەکان هۆکاری بنەڕەتین لە تێگەیشتن لە کاریگەرییە گشتییەکانی تەکنەلۆژیا لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیی منداڵ.

وشە کلیلەکان: شاشەی زیرەک، ڕەفتاری کۆمەڵایەتی، کارلێکی کۆمەڵایەتی، منداڵ، بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا

پێشەکی

بەشی یەکەم: بەشی تیۆری توێژینەوەکە

باسی یەکەم:-(کێشە ، گرنگی ، ئامانج،پێناسەی چەمکەکان)

١-کێشەی توێژینەوەکە:

لە سەردەمی هاوچەرخدا، بەکارهێنانی ئامێرە زیرەکەکان و شاشە ئەلیکترۆنییەکان (مۆبایل، تابلێت، تەلەڤزیۆن) لەلایەن منداڵانەوە بووەتە دیاردەیەکی بەرفراوانی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی. قۆناغی تەمەنی ٦ بۆ ١٢ ساڵان، قۆناغێکی بنەڕەتییە بۆ گەشەکردنی کۆمەڵایەتی، پێکهێنانی کەسایەتی، فێربوونی لێهاتوویەکانی پەیوەندیکردن و دروستکردنی کارلێکی تەندروست لەگەڵ ژینگەی خێزانی و هاوتەمەنەکاندا. بەڵام دابڕانی درێژخایەن لەبەردەم شاشەکاندا گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە ڕاستەقینەکانی منداڵدا دروستکردووە.لەم کۆمەڵگەی کوردیدا (بە تایبەتی لە شاری سلێمانی)، بەکارهێنانی شاشەی زیرەک لەلایەن منداڵانەوە بە شێوەیەکی خێرا زیادی کردووە، بە جۆرێک کە خێزانەکان لەبەردەم ئاستەنگی نوێدا خۆیان دەبینەوە سەبارەت بە کۆنترۆڵکردن و ڕێکخستنی کاتی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا. ئەگەرچی توێژینەوەکانی پێشوو لە سەر ئاستی جیهانی و ناوچەیی

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [s], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12614]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

زیاتر بە ڕێبازی چەندایەتی جەختیان خستووەتە سەر ژمارەی کاتژمێرەکانی بەکارهێنان و ئامارە گشتییەکان، بەڵام بۆشایی زانستیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا دەردەکەوێت کە توێژینەوە ناوخۆییەکان بە پێی پێویست جەختیان لە قوواڵیی ئەزموونی ڕۆژانەی دایک و باوکان، تێڕوانینی ئەوان بۆ شێوازی تێکچوونی کارلێکی کۆمەڵایەتی، ئاستەنگەکانی دەربڕینی زمانی، و هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئاراستە ڕەفتارییە نەگەنجاوەکان (وەک یاخیبوون و تووندوتیژی لە کاتی سەندنەوە یان سنووردارکردنی شاشەدا) نەداوەتەوە.

لەبەر ئەوە، کێشەی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە نەبوونی تێگەیشتنێکی قوواڵی چۆنایەتی سەبارەت بە ڕەنگدانەوەی بەکارهێنانی شاشەی زیرەک لەسەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتی منداڵان لە ڕوانگە و ئەزموونی ڕاستەقینەی دایک و باوکانەوە. لەم چوارچێوەیەدا، کێشەی توێژینەوەکە لە دەوری ئەم پرسیارە سەرەکییەدا دەخولێتەوەکە

ئایابەکارهێنانی شاشەی زیرەک لەلایەن منداڵانی تەمەن ٦–١٢ ساڵەوە چ کاریگەرییەک لەسەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتییان هەیە؟

ئایا شاشەی زیرەک چ کاریگەرییە لەبواری پەیوەندی منداڵ لەگەڵ دایک و باوک، پەیوەندی لەگەڵ هاوڕێکان، بەشداریکردن لە یاریی و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان هەیە؟

ئایا بەکارهێنانی شاشەی زیرەک چ گۆڕانکارییەکی لە سەر بەشداری منداڵ بۆ پەیوەندی و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان دروست دەکات ؟

٢-گرنگی توێژینەوەکە:

١ -گرنگیی زانستی: ئەم توێژینەوەیە گرنگیی زانستیی خۆی هەیە چونکە هەوڵ دەدات زانیارییەکی وردتر و قوواڵتر سەبارەت بە کاریگەریی بەکارهێنانی شاشەی زیرەک لەسەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی منداڵانی تەمەن ٦–١٢ ساڵ پێشکەش بکات. هەروەها دەتوانێت بە سەرچاوەیەکی چۆنایەتیی سوودبەخش بۆ توێژینەوەکانی داهاتوو لە بواری کۆمەڵناسیی خێزان و دەروونناسیی گەشە لە کۆمەڵگەی کوردی و شاری سلێمانی بەکاربهێنرێت.

٢ -گرنگیی پراکتیکی: لە ڕووی پراکتیکییەوە، دەتوانێت یارمەتی دایک و باوکان و دامەزراوە پەروەردەییەکان بدات بۆ تێگەیشتن لە کاریگەریی شاشە لەسەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی منداڵان و چۆنیەتی ڕێکخستن و سنووردارکردنی بەکارهێنانی. هەروەها ئەنجامەکانی دەتوانن بنەمای دانانی ڕاسپاردە و ڕێکارە کردارییەکان بن بۆ پاراستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و دروستکردنی هاوسەنگی.

٣- ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجانەی خوارەوە:

١ .زانینی کاریگەریی بەکارهێنانی شاشەی زیرەک لەسەر ڕەهەندەکانی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی (کارلێکی خێزانی، پەیوەندی لەگەڵ هاوتەمەنەکان، و بەشداری لە چالاکیی کۆمەڵایەتی) لە منداڵانی تەمەن ٦–١٢ ساڵ.

٢ .لێکۆڵینەوە لە کاریگەریی بەکارهێنانی شاشەی زیرەک لەسەر پەیوەندیی منداڵ لەگەڵ دایک و باوک و ئەندامانی خێزان.

٣ .زانینی کاریگەریی بەکارهێنانی شاشەی زیرەک لەسەر پەیوەندیی منداڵ لەگەڵ هاوتەمەنەکان و بەشداریکردنی لە یاری و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان.

٥-پێناسەی چەمکەکان (Theoretical and Operational Definitions)

١- شاشەی زیرەک:(Smart Screen)

- پێناسەی تیۆری: هەر ئامێرێکی ئەلیکترۆنییە کە خاوەنی سیستەمی کارپێکردن و پەیوەندیی ئینتەرنێت بێت و دەرفەتی بینینی ڤیدیۆ، یاری و بەرنامە زیرەکەکان بە بەکارهێنەر بدات (Linebarger & Vaala, 2010, p. 110).

- پێناسەی ڕێکاری: مەبەست لەو ئامێرە دیجیتاڵیانەیە (وەکو مۆبایلی هۆشمەند، ئایپاد/تابلێت، و تەلەڤزیۆنی زیرەک) کە منداڵانی تەمەن ٦–١٢ ساڵ لە نموونەی توێژینەوەکە لە شاری سلێمانی ڕۆژانە بەکاری دەهێنن

.

٢- ڕەفتاری کۆمەڵایەتی:(Social Behavior)

- پێناسەی تیۆری: بریتییە لەو شێوازە هەڵسوکەوت و کارلێکە خێزانی و کۆمەڵایەتییانەی کە تاک لە ژینگەی کۆمەڵگەدا پەیڕەوی دەکات، و ڕەنگدانەوەی ئاستی تێکەڵاوبوون، بەشداری یان دوورکەوتنەوە و گۆشەگیرییە لەگەڵ کەسانی دەوروبەریدا (ئەمین، ٢٠٢٠).

-پێناسەی ڕێکاری: ئەو گۆڕانکارییانەن لە ئاستی کارلێککردن، تێکەڵاوبوون، بەشداریکردنی یاری، تووڕەیی، و شێوازی پەیوەندیکردنی منداڵانی تەمەن ٦–١٢ ساڵ لە شاری سلێمانی لەگەڵ خێزان و دەوروبەریان بەدی دەکرێن.

٣- کارلێکی کۆمەڵایەتی:(Social Interaction)

- پێناسەی تیۆری: پڕۆسەیەکی ڕاستەوخۆ و دوولایەنەیە کە تێیدا دوو تاک یان زیاتر لە ڕێگەی زمانی ئاخاوتن و هێما جەستەییەکانەوە کاریگەری دروست دەکەن لەسەر هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەی یەکتر (Blumer, 1969))

-پێناسەی ڕێکاری: بەشداریکردنی ڕاستەوخۆی منداڵ لە گفتوگۆی خێزانی، وەڵامدانەوەی بانگەوازەکانی دایک و باوک، و بەشداریکردنی لە یارییە بەکۆمەڵەکانی هاوتەمەنەکاندا.

٤- منداڵ:(Child)
- پێناسەی تیۆری: ئەو قۆناغە هەستیارەی گەشەکردنە (تەمەنی ٦ بۆ ١٢ ساڵ) کە تێیدا تواناکانی فێربوون، تێگەیشتن و دروستکردنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لەگەڵ دەوروبەردا گەشەی خێرا بەخۆیانەوە دەبینن (مەعروف، ٢٠٢٢).
- پێناسەی ڕێکاری: مەبەست لەو منداڵانەیە کە لە قۆناغی تەمەنی ٦ بۆ ١٢ ساڵیدان لە شاری سلێمانی و خێزانەکانیان وەک نموونەی ئەم توێژینەوەیە دەستنیشانکراون.

باسی دووەم: چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکە: (Theoretical Framework)

ئەم توێژینەوەیە بۆ شیکردنەوەی داینامیکی بەکارهێنانی شاشەی زیرەک و ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی منداڵانی تەمەن ٦–١٢ ساڵ لە شاری سلێمانی، پشت بە سێ تیۆریی بنەڕەتی لە زانستە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکاندا دەبەستێت. بەکارهێنانی ئەم تیۆرییانە تەنها بۆ خستنەڕووی زانیاریی نەکراوە، بەڵکو وەک ئامرازێکی شیکاریی زانستی بەکارهاتوون بۆ لێکدانەوەی گۆڕاوە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە (بەکارهێنانی شاشەی زیرەک وەک گۆڕاوی سەربەخۆ، و ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی منداڵ وەک گۆڕاوی بەستراوە).

١ -تیۆریی فێربوونی کۆمەڵایەتی(Albert Bandura, 1977)
تیۆریی فێربوونی کۆمەڵایەتی کە لەلایەن ئەلبێرت باندوراوە (Bandura, 1977)پەرەی پێدراوە، لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە مرۆڤ دەتوانێت ڕەفتار لە ڕێگەی چاودێریکردنی کەسانی دیکە، هاوشێوەسازی و مۆدێلکردنی ڕەفتارەکانیان (Modeling) فێربێت. بەپێی ئەم تیۆرییە، فێربوونی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی تەنها لە ڕێگەی ئەزموونی ڕاستەوخۆ و سیستەمی پاداشت و سزاوە ڕوونادات، بەڵکو لە ڕێگەی بینینی ڕەفتاری مۆدێلەکان و ئەنجامەکانی لای ئەوانیش ڕوودەدات(Bandura, 1977) ؛ وەک لە شریفی، ٢٠٢٢دا ئاماژەی پێکراوە.)
لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا، شاشەی زیرەک (مۆبایل، تابلێت، یارییە ئۆنلاینەکانی وەک پۆبجی و ڕۆبلۆکس) وەک سەرچاوەیەکی دیجیتاڵیی بەردەوام بۆ بینینی مۆدێلی ڕەفتار تەماشا دەکرێت. کاتێک منداڵی تەمەن ٦-١٢ ساڵ کاتژمێرێکی زۆر لەبەر ناوەڕۆکی ئۆنلاین بەسەر دەبات، ڕەفتاری کارەکتەرەکان و یاریزانەکان دەبینێت. ئەگەر ناوەڕۆکەکە ئاماژە بە هاوارکردن، توندوتیژی یان وشەی ڕەق بکات، منداڵەکە لە ڕێگەی پرۆسەی مۆدێلکردنی ڕەفتارییەوە فێری هەمان چەمک دەبێت و لە کارلێکی کۆمەڵایەتیی ڕۆژانەیدا ڕەنگیدەداتەوە. بەم پێیە، ئەم تیۆرییە بۆ شیکردنەوە و تێگەیشتن لە سەرهەڵدانی ڕەفتارە نەگونجاوەکان لای منداڵ لە کاتی بەکارهێنانی ناوەڕۆکی توند بەکارهاتووە.

٢ -تیۆریی سیستەمە ژینگەییەکان (Urie Bronfenbrenner, 1979)
تیۆریی سیستەمە ژینگەییەکانی بڕۆنفنبرێنەر (Bronfenbrenner, 1979)گەشە و ڕەفتاری منداڵ بە پرۆسەیەکی ئاڵۆگۆڕکەر و پەیوەست بە ئاستە جیاوازەکانی ژینگەی دەوروبەری دەبینێت. بەپێی ئەم چوارچێوەیە، تێگەیشتن لە ڕەفتاری منداڵ تەنها لە ڕێگەی سەرنجدان بە تایبەتمەندییە تاکەکان ئەنجام نادرێت، بەڵکو پێویستی بە شیکردنەوەی پەیوەندییەکانی ناو ژینگەی یەکەمین (Microsystem) هەیە، کە خێزان ناوەندەکەیەتی (Bronfenbrenner, 1979)، وەک لە الخفاف، ٢٠١٣دا ئاماژەی پێکراوە
لە توێژینەوەکەدا، ئەم تیۆرییە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوە بەکارهاتووە کە کاریگەریی شاشەی زیرەک تەنها لە خودی ئامێرەکەدا کۆنابێتەوە، بەڵکو لە چوارچێوەی داینامیکی خێزاندا کار دەکات. لە ژینگەی خێزاندا، سەرقاڵیی دایک و باوک، نەبوونی چاودێریی بەردەوام، و لاوازی لە دانانی سنوور بۆ کاتی بەکارهێنانی شاشە (٤ تا ٥ کاتژمێر)، ژینگەی یەکەمین دووچاری سستبوونی کارلێک دەکات. لە ئەنجامدا، شاشە دەبێتە جێگرەوەی پەیوەندییە خێزانییەکان، کە ئەمەش کارپێکردن و شیکردنەوەی داتاکان لە ڕوانگەی کەمبوونەوەی ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی ڕوون دەکاتەوە.

٣ -تیۆریی کارلێکی هێمایی(Herbert Blumer, 1969)
تیۆریی کارلێکی هێمایی لەسەر بنەمای ئەوە بونیات نراوە کە تاکەکان لەسەر بنەمای ئەو مانایانە مامەڵە لەگەڵ جیهانی دەوروبەریاندا دەکەن کە لە ڕێگەی کارلێکی کۆمەڵایەتیی ڕۆژانە و ئاڵوگۆڕی نیشانە و هێمای زارەکی و دەستەواژەییەوە دروست دەبن (Blumer, 1969) وەک لە العمر، ٢٠٠٥دا ئاماژەی پێکراوە.
ئەم تیۆرییە وەک ئامرازێکی شیکاریی قوڵ بەکارهاتووە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە چۆن زۆر بەکارهێنانی شاشە دەبێتە هۆی پاشەکشەی کارلێکی ڕاستەوخۆی منداڵ. کاتێک منداڵ بەردەوام تەرکیزی لەسەر شاشەیە، ئاڵوگۆڕی هێما کۆمەڵایەتییە زیندووەکان (وەک گفتوگۆی زارەکی لەگەڵ دایک و باوک، ڕوانینی چاو، و یاریی بەکۆمەڵەکان) کەم دەبێتەوە. ئەم پرۆسەیە لە داتاکاندا شیکردنەوەی بۆ کراوە تا دەربخات چۆن دابڕان لە کارلێکی هێمایی بەردەوام، دەبێتە هۆی درەنگ کەوتنی گەشەی زمانی دایک ،دروستبوونی گۆشەگیرییی سۆزداری، و لاوازبوونی ڕەفتاری ئەرێنیی کۆمەڵایەتی لە پەیوەندییە ڕۆژانەکاندا.

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [s], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12614]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

بەشی دووەم: چوارچێوەی مەیدانی توێژینەوەکە

باسی یەکەم: مێتۆدۆلۆجی و ڕێکارە مەیدانییەکان

١- ڕێباز و کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوە

لە سۆنگەی سروشتی بابەتەکە و بۆ دەستگەیشتن بە تێگەیشتنێکی قوواڵ لە ئەزموون و دیدگای دایک و باوکان سەبارەت بە کاریگەریی شاشەی زیرەک لەسەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی منداڵەکانیان لە ژینگەی ڕاستەقینەی ماڵەوەدا، ئەم توێژینەوەیە پشتی بە ڕێبازی چۆنایەتی (Qualitative Approach) بەستووە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە لە خێزانەکانی شاری سلێمانی پێکهاتووە، کە تێیدا بە شێوازی ئامانجدار (Purposive Sampling) دەستنیشانی نموونەی توێژینەوەکە کراوە کە بریتیین لە (١٥) دایک و باوکی بەشداربوو کە منداڵی تەمەن ٦ بۆ ١٢ ساڵیان هەیە و ڕۆژانە شاشەی زیرەک بەکاردێنن.

بۆ کۆکردنەوەی داتاکان، ئامرازی چاوپێکەوتنی نیمچەکراوە بەکارهێنراوە کە لە چوار تەوەرەی سەرەکیی چاوپێکەوتن پێکهاتووە. پاش کۆکردنەوەی زانیارییەکان، بۆ شیکردنەوەی ناوەڕۆکی وەڵامەکان پشت بە شیکاریی بابەتی (Thematic Analysis)بەپێی هەنگاوە ستانداردەکانی (Braun and Clarke, 2006)بەستراوە، کە لە ئەنجامدا نۆ تەوەرەی سەرەکی (Themes)پۆلێن کران و کۆدی بەشداربووان (P1 :تا.(P15) پێدراوە لەبەر تایبەتمەندی کەسێتیان.

٢-مەرجەکانی نموونە وەرگرتن:

توێژەر نموونەکەی بە شێوەیەکی ئامانجدار هەڵبژارد کە تێیدا ئەو دایک و باوکانە دەستنیشانکران کە خاوەنی منداڵی تەمەن ٦–١٢ ساڵن و ئامادەییان هەبوو بۆ ئەنجامدانی چاوپێکەوتن. چاوپێکەوتنەکان بەردەوام بوون هەتا گەیشتن بە "تێربوونی داتا و زانیارییەکان (Data Saturation) "و دووبارەبوونەوەی کۆدی وەڵامی بەشداربووان.

٣- ناستەنگیەکانی توێژینەوە

١- بەزەحمەت دەستکەوتنی دایکان و باوکان بۆ چاوپێکەوتن لەسەر تەوەرەکانی توێژینەوەکە؛ پێیان وابوو کە قورسە دان بە هەڵەی خۆیاندا بنێن، لەبەر دوودڵییان وەڵامەکانیان سڕییەوە.

٢-زۆربەی وەڵامەکان بەدەست دەنووسرانەوە، لەبەر ئەوەی ئامادەی تۆمارکردنی دەنگ (ریکۆرد) نەبوون.

باسی دووەم :شیکاری مەیدانی وخستنەرووی زانیارییەکان

لێرەدا بەپێی وەڵامی بەشداربووان (دایک و باوکی ئەو منداڵانەی کە وەک نموونە وەرگیرابوون)، وەڵامەکان کرانە چەند کۆدێک بەبێ دووبارەبوونەوە، لە خوارەوە دەیانخەینە ڕوو:

تەوەرەی یەکەم : ماوە و کاتی بەکارهێنانی ڕۆژانەی شاشەی زیرەک

*بەکارهێنانی شاشەی زیرەک بۆ ماوەیەکی زۆر لە ڕۆژێکدا، لە ئەزموونی هەندێک لە دایک و باوکاندا، وەک یەکێک لە بابەتە گرنگەکانی پەیوەندیدار بە ڕەفتاری منداڵ باس کراوە. ئەکادیمیای ئەمەریکی بۆ پزیشکیی منداڵان (AAP, 2020) جەخت لەسەر گرنگی ڕێکخستنی بەکارهێنانی شاشە و دانانی سنووری گونجاو بۆ منداڵان دەکاتەوە. لە داتاکانی ئەم توێژینەوەیەشدا، هەندێک لە بەشداربووان ئاماژەیان بە بەکارهێنانی ٤ تا ٥ کاتژمێر شاشە لە ڕۆژێکدا کرد.

دایکێک ، خاوەنی کوڕێکی ٧ ساڵانە (P3) و دەڵێت: (کوڕەکەم ڕۆژانە ٤ کاتژمێر زیاتر لەبەردەم ئایپادەکەی دانیشتووە، ئەگەر لێشی نەسێنم خەریکە تەواوی ڕۆژەکەی پێوە بەسەر دەبات).

* باوکێک ،خاوەنی کچێکی تەمەن ٨ ساڵانە (P8) و دەڵێت: (ڕۆژانە بەلایەنی کەمەوە ٤ بۆ ٥ کاتژمێر زیاتر مۆبایل لەدەستی کوڕەکەمدایە و، هەست دەکەم ناتوانێت دەستبەرداری بێت)

واتە بەکارهێنانی ٤ بۆ ٥ کاتژمێر شاشە لە ڕۆژێکدا ئاماژەیە بۆ هاوکاتبوونی کاتی دیجیتاڵی بەرز و کەمبوونەوەی کاتی چالاکییەکانی دیکە. لە ڕوانگەی تیۆریی سیستەمە ژینگەییەکانی برۆنفنبرێنەرەوە(Bronfenbrenner, 1979) ، خێزان وەک ژینگەی یەکەمین (Microsystem) ڕەچاو دەکرێت، کاتێک ئامێرەکان بۆ ماوەیەکی بەرچاو بەکاردەهێنرێن، دەکرێت هاوسەنگیی کارلێکە بەردەوامەکان گۆڕانکارییان بەسەردا بێت. توێژەر ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم کاتە بەرچاوە زیاتر وەک نیشانەیەکی هاوکاتبوونی درێژبوونەوەی کاتی شاشە و کەمبوونەوەی دەرفەتی کارلێکی ڕاستەوخۆی منداڵ لە ناو خێزاندا لێکدەدرێتەوە، نەک وەک سەلمێنەری هۆکاریی بەتەنها.

تەوەرەی دووەم : کاڵبوونەوەی پەیوەندی و گفتوگۆی خێزانی

بەکارهێنانی بەردەوامی شاشە لە ئەزموونی بەشێک لە خێزانەکاندا لەگەڵ کەمبوونەوەی کارلێکی ڕاستەوخۆ و گفتوگۆی خێزانی هاوکات بووە. وەک ئۆسوالت و ڕیدێڵ (Oswalt and Riddell, 2021)ئاماژەی پێ دەدەن، کەمبوونەوەی کارلێکی ڕۆژانە لە نێوان منداڵ و ئەندامانی خێزاندا دەتوانێت کاریگەری هەبێت لەسەر پەیوەندییە نزیکەکان و ئاڵوگۆڕی سۆزداری.

** دایکێک ،خاوەنی کچێکی تەمەن ٦ ساڵانە (P7) و دەڵێت: (کچەکەم زۆر کەم قسەمان لەگەڵ دەکات، کاتێک بانگی دەکەین وەڵاممان ناداتەوە و بە بێزارییەوە ئاوڕمان لێ دەداتەوە)*

** دایکێک ،خاوەنی کوڕێکی تەمەن ١٠ ساڵانە (P10) و دەڵێت: (منداڵەکەم لەسەرسفرەو خوان یان لە کۆبوونەوەی خێزانیدا ئامادە نابێت و بەردەوام دەڵێت بێزارم و دەچێتەوە سەر تابلێتەکەی)*

بەپێی تیۆریی کارلێکی هێمایی(Blumer, 1969) ، گەشەی کۆمەڵایەتی و پێکەوەبەستنی خێزانی لە ڕێگەی ئاڵوگۆڕی ڕۆژانەی

هێماکان و گفتوگۆوە پەرە دەستێنێت. توێژەر لێرەدا ڕوونی دەکاتەوە کە پشتگوێخستنی داواکارییەکان یان سەرقاڵی لە کاتی دانیشتنی خێزانیدا، دەتوانرێت وەک دیاردەیەکی هاوکات لە نێوان بەکارهێنانی ئامێرەکان و ڕادەی ئامادەیی سۆزداریی منداڵ سەیر بکرێت. لەبەر ئەوە، ئامێرەکان وەک فاکتەرێک لە ناو کۆمەڵێک گۆڕاوی خێزانیدا تەماشا دەکرێن، نەک وەک تاقە هۆکاری سستبوونی پەیوەندییەکان.

تەوەرەی سێیەم:لاوازبوونی بەشداری لە یاریی ڕۆژانە و پەیوەندی لەگەڵ هاوڕێیان

لە چاوپێکەوتنەکاندا، هەندێک لە دایک و باوکان ئاماژەیان بە کەمبوونەوەی بەشداریی منداڵەکانیان لە یارییە جەستەییەکان و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان کردووە. مادیگان و هاوکارانی (Madigan et al., 2019)لە توێژینەوەکەیاندا پەیوەندیی نێوان بەکارهێنانی شاشە و هەندێک گۆڕانکاری لە چالاکییەکانی منداڵان خستووەتەڕوو.

** دایکێک ،خاوەنی کچێکی تەمەن ٨ ساڵانە (P1) و دەڵێت: (حەز بە سەردانی خزم و کەس و کار ناکات و دەڵێت لەوێ ئینتەرنێت نییە و چوونی ئێمە بۆ ئەوێ بێزارکەرە).*

** باوکێک ،خاوەنی کوڕێکی ٩ ساڵانە (P11) و دەڵێت: (هیچ حەزی لە یاری تۆپی پێ یان چوونەدەرەوە لەگەڵ منداڵانی گەڕەک نییە، تەنها یاریی ناو مۆبایل و ئایپادەکەی دەکات)*

کە کەمبوونەوەی ئارەزووی منداڵ بۆ سەردانی خزم یان یاریی دەرەوە، لە داتاکاندا نیشانەی پەیوەندییەکی وەصفیی یە لە نێوان خەریکبوون بە شاشە و پاشەکشە لە یارییە جەستەییەکان. توێژەر جەخت دەکاتەوە کە یارییە جەستەییە بەکۆمەڵەکان ژینگەیەکی یارمەتیدەرن بۆ بەکۆمەڵایەتبوون، بەڵام ئەم پاشەکشەیەی منداڵ دەکرێت پەیوەست بێت بە بارودۆخی دەوروبەر و جۆری خەریکبوونی منداڵەکەشەوە.

تەوەرەی چوارەم: تووندوتیژی و لاساییکردنەوەی ڕەفتاری نەگونجاو

بەپێی تیۆریی فێربوونی کۆمەڵایەتیی ئەلبێرت باندورا، منداڵ دەتوانێت لە ڕێگەی چاودێریکردن و لاساییکردنەوەی ڕەفتاری کەسانی دیکە فێری هەندێک ڕەفتار ببێت. لە توێژینەوەی ئێریچ و هاوکارانی (Eirich et al., 2022) یشدا پەیوەندیی بەکارهێنانی شاشە و ناوەڕۆکی تووندوتیژ لەگەڵ هەندێک ڕەفتاری منداڵان خراوەتەڕوو.

** دایکێک ،خاوەنی کوڕێکی ١١ ساڵانە (P4) و دەڵێت: (لە ئەنجامی بەکارهێنانی یاریی پۆبجی ورۆبلۆکس ڕەفتاری زۆر تووندوتیژ بووە و بە هاوار و هەڕەشەوە قسە لەگەڵ خوشکەکەی دەکات)*

** باوکێک خاوەنی کچێکی تەمەن١٢ ساڵانە (P12) و دەڵێت: (منداڵەکەم لە دەوری یاریی ئۆنلاینەکەیەتی، بە دەنگی بەرز هاوار دەکات و جوێن و ووشەی توند لە ماڵەوە بەکاردێنێت).*

- بەپێی تیۆریی فێربوونی کۆمەڵایەتی(Bandura, 1977) ، مرۆڤ دەتوانێت ڕەفتار لە ڕێگەی چاودێریکردنی مۆدێلەکانەوە فێر ببێت. توێژەر ڕوونی دەکاتەوە کە هاوارکردن یان بەکارهێنانی وشەی توند لە کاتی یاریەکانی وەک پۆبجی و ڕۆبلۆکس، دەکرێت لە ڕوانگەی مۆدێلکردنەوە (Modeling) شیکاریی بۆ بکرێت. بەڵام توێژەر ئەوەش بە کراوەیی دەهێڵێتەوە کە ئەم هاوکاتبوونەی ڕەفتاری توند و یاریی ئۆنلاین بەڵگەی ڕاستەوخۆی هۆکاری نین، بەڵکو دەکرێت جۆری تەمەن، بەخێوکردن و بارودۆخی دەروونیی منداڵەکەش ڕۆڵیان تێدا هەبێت.

تەوەرەی پێنجەم :تووڕەبوونی خێرا و سەرهەڵدانی ڕەفتاری سەرپێچیکارانە

یەکێک لە بابەتەکانی دەربڕینی بەشداربووان، تووڕەبوونی منداڵ لە کاتی سنووردارکردن یان سەندنەوەی شاشە بوو. تۆێنگی و کامپبێڵ (Twenge and Campbell, 2018)لە توێژینەوەکەیاندا باس لە پەیوەندیی نێوان بەکارهێنانی شاشە و هەندێک گۆڕانکاریی ڕەفتاری منداڵان دەکەن.

** دایکێک ،خاوەنی کچێکی تەمەن ٧ ساڵانە (P5) و دەڵێت: (کاتێک ئینتەرنێت دەبڕێت یان شەحنی مۆبایلەکەی نامێنێت، تووشی تووڕەییەکی زۆر دەبێت و کەلوپەلی دەوروبەری فڕێ دەدات)*

** دایکێک ،خاوەنی کوڕێکی تەمەن ٧ ساڵانە (P2) و دەڵێت: (کە مۆبایلەکەی لێ دەستێنمەوە، ڕاستەوخۆ دەست بە هاوارکردن و یاخیبوون دەکات و گوێ لە قسەی کەسمان ناگرێت).*

بەپێی وەلامەکانی بەشداربوان دەردەکەوێت کە تووڕەبوون لە کاتی سەندنەوەی شاشە ناکرێت تەنها بە یەک فاکتەر ڕوون بکرێتەوە. لە بەرامبەردا، ئەم کاردانەوانە نیشانەی هاوکاتبوونی سەندنەوەی ئامێرێک و کاردانەوەی هەستیی منداڵەکەن، کە دەکرێت بە هۆی کەمبوونی لێهاتوویی ڕێکخستنی هەستەکان یان شێوازی سنووردارکردنی خێزانییەوە سەریهەڵدابێت.

تەوەرەی شەشەم: لاوازی دەربڕین لەڕوی زمانەوە و لاوازبوونی توانای گفتوگۆ

کارلێکی ڕاستەوخۆ و دوولایەنە گرنگە بۆ گەشەی زمان و توانای گفتوگۆی منداڵ. ئەکادیمیای ئەمەریکی بۆ پزیشکیی منداڵان (AAP, 2020)جەخت لەسەر گرنگی کارلێکی دوولایەنە لە گەشەی زمان و پەیوەندیی منداڵ دەکاتەوە.

* دایکێک ،خاوەنی کچێکی تەمەن ٦ ساڵانە (P6) و دەڵێت: (توانای قسەکردن و تێگەڵاوبوونی لەگەڵ منداڵانی تر زۆر کەمتر بووەتەوە، درەنگ فێری ئاخاوتن بوو و ئەیانبینێت شەرم دەکات)

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [s], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12614]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

* باوکێک،خاوەنی کوڕێکی تەمەن ٦ ساڵانە (P9) و دەڵێت: (کۆمەڵێک وشەی ئینگلیزی دەڵێتەوە کە لە یوتوب فێر بووە، بەڵام بەکوردی زۆر درەنگ فێری قسەکردن بوو و ناتوانێت بەباشی بەکوردی رستە رێکبخات)

* ڕۆڵی توێژەر لە شیکردنەوەدا: توێژەر ئەم بابەتە لە ڕوانگەی تیۆریی بلۆمەرەوە (Blumer, 1969) تێدەگات کە گەشەی زمان بە کارلێکی دوولایەنە دەوڵەمەند دەبێت. توێژەر لێکدانەوە بۆ ئەم داتایانە دەدات کە فێربوونی وشەی ئینگلیزی لە بەرامبەر لاوازیی ئاخاوتنی کوردی، ئاماژەیە بۆ کارلێکی جیاوازی منداڵ لەگەڵ ناوەڕۆکەکان. بەڵام توێژەر بە ڕەهایی ناڵێت شاشە هۆکاری دواکەوتنی زمانە، چونکە هۆکاری فسیۆلۆجی و کاتی تێکەڵاوبوونی منداڵ لەگەڵ دەوروبەر بەشێکی ترن لە پرۆسەکە.

تەوەرەی حەوتەم : گۆشەگیری کۆمەڵایەتی و ئاڵووداوبوونی دیجیتاڵی

بەکارهێنانی بەردەوامی شاشە لە هەندێک لە وەڵامەکانی بەشداربووانداً لەگەڵ دووركەوتنەوەی منداڵ لە هەندێک کارلێکی کۆمەڵایەتی و پشتبەستنی زۆر بە شاشە هاوکات بووە. تۆینگی و کامپبێڵ (Twenge and Campbell, 2018) ئاماژە بە پەیوەندیی بەکارهێنانی شاشە و هەندێک گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و دەروونی دەکەن.

باوکێک،خاوەنی کچێکی تەمەن ١٢ ساڵانە (P13) و دەڵێت: (کچەکەم زۆربەی پەیوەندییەکانی لە ناو شاشەکەیدا دایە، ئەگەر ئینتەرنێتی لێ ببڕدرێت تووشی دڵڕاوکێ و ڕارایەکی زۆر دەبێت).

* دایکێک خاوەنی کچێکی تەمەن ١٠ ساڵانە (P15) و دەڵێت: *(کچەکەم بەردەوام هەست بە گۆشەگیری دەکات، حەز ناکات لەگەڵ کەس لە ماڵەوە دابنیشێت و بەردەوام بێزارە)*

* ە لە ئەزموونی بەشداربووانداً، بەکارهێنانی بەرچاوی شاشە لەگەڵ هەستکردن بە گۆشەگیری یان دڵڕاوکێ لە کاتی بڕانی ئینتەرنێتدا هاوکات بووە. ئەم وەسفە تەنها دەربڕی پەیوەندییەکی دیاریکراوە لە نێوان دوو دیاردەدا و ناتوانرێت وەک پەیوەندییەکی هۆکاریی یەکلاکراوە تەمەشا بکرێت.

تەوەرەی هەشتەم: نەبوونی سەرنج، خەیاڵ بردنەوە

لە چاوپێکەوتنەکاندا، هەندێک لە دایک و باوکان باس لە کەمبوونەوەی سەرنج و زۆر خەیاڵڕۆیشتنی منداڵەکانیان کردووە. ئێریچ و هاوکارانی (Eirich et al., 2022) لە شیکارییەکەیاندا پەیوەندیی نێوان کاتی بەکارهێنانی شاشە و هەندێک نیشانەی پەیوەندیدار بە سەرنج خستووەتەڕوو.

* باوکێک خاوەنی کچێکی تەمەن ٩ ساڵانە (P14) و دەڵێت: *(کچەکەم زۆر هێمنە بەڵام لە بەجێهێنانی کارەکانی ڕۆژانە و تەواوکردنی ئەرکەکانیدا زۆر شت لەبیردەکات، دووبۆ سێ جارشتەکەی پێدەڵین تەرکیز ناکات)*

* دایکێک خاوەنی کچێکی تەمەن ١١ ساڵانە (P9) و دەڵێت: *(بەردەوام خەیاڵڕۆیشتووە، کاتێک قسەی لەگەڵ دەکەین سەرنجی لای ئێمە نییە و پێویستە چەند جارێک بانگی بکەین، لەبەر خۆیەوە قسەدەکات و هەموکات لەخەیاڵدایە).*

بەپێی وەڵامی بەشداربوان کەمبوونەوەی تەرکیز یان خەیاڵڕۆیشتن لەگەڵ زۆر بەکارهێنانی شاشەدا لە وەڵامەکاندا باس کراون. توێژەر ئاماژە دەدات کە ئەمە تەنها ئاماژەیەکی وەصفییە لە داتاکاندا و پێویستی بە تێڕوانینی هەمەلایەنە هەیە تا فاکتەرەکانی تری وەک ماندوێتی یان شیوازی خوێندنیش ڕەچاو بکرێن.

تەوەرەی نۆیەم: شێوازی چاودێریی خێزانی و ئاستەنگەکانی ڕێکخستنی کات

ژینگەی خێزان و شێوازی چاودێریکردنی دایک و باوک یەکێکە لە بابەتە گرنگەکانی پەیوەندیدار بە ڕێکخستنی بەکارهێنانی شاشە. پلۆومان و مکپەیک (Plowman and McPake, 2023) ئاماژە بە گرنگی ڕۆڵی دایک و باوک و شێوازی ڕێکخستنی بەکارهێنانی شاشە دەدەن.

* باوکێک ،خاوەنی کچێکی تەمەن ٨ ساڵانە (P5) و دەڵێت: *(شاشە تەنها ٢ کاتژمێر لە ڕۆژێکدا ڕێگەپێدراوە، ئەویش تەنها دوای تەواوکردنی سەرجەم ئەرکەکانی قوتابخانە، بەڵام زیاتر دەروات لەوکاتەی کەداماوە بۆیی)*

* باوکێک خاوەنی کچێکی تەمەن ٧ ساڵانە (P8) و دەڵێت: *(کاتەکانی بەکارهێنانمان بە هەفتەی خوێندن و پشوو بەستووەتەوە، بەڵام سەرقاڵی و فشاری ژیانی ڕۆژانە ڕێکخستنەکە ئاڵۆز دەکات).*

*خێزانەکان هەوڵی ڕێکخستن دەدەن، بەڵام فشاری ژیانی ڕۆژانە کاریگەری لەسەر بەردەوامیی سنوورەکان دەکات. لە ڕوانگەی برۆنفنبرێنەرەوە (Bronfenbrenner, 1979)، سەرقاڵیی دایک و باوک یەکێکە لە گۆڕاوە ژینگەییەکان کە دەکرێت ڕەنگدانەوەی لەسەر جێبەجێکردنی یاساکان هەبێت. توێژەر جەخت دەکاتەوە کە ئەمە پەیوەندییەکی دولایەنەیە لە نێوان چاودێری و شێوازی بەکارهێنان، نەک سەرچاوەی یەک هۆکارێک.

دووەم: ئەنجامەکانی توێژینەوە(Results)

لە ئەنجامی شیکردنەوەی داتاکانی بەشی مەیدانی، ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بەم شێوەیەی خوارەوە دەخەینە ڕوو:

١- بەکارهێنانی شاشەی زیرەک لە ژیانی ڕۆژانەی منداڵانی تەمەن ٦–١٢ ساڵدا بووەتە بەشێکی بەرچاو لە کاتی ڕۆژانەیان، و لە داتاکانی توێژینەوەکەدا بەکارهێنانی ٤ بۆ ٥ کاتژمێر لە ڕۆژێکدا بە شێوەیەکی دووبارەبووەوە باس کراوە.

٢- بەکارهێنانی زۆری شاشە لەگەڵ کەمبوونەوەی گفتوگۆ و کارلێکی ڕاستەوخۆی منداڵ لەگەڵ دایک و باوک و ئەندامانی خێزان هاوکات بووە، بە تایبەتی لە کاتی دانیشتن و کۆبوونەوە خێزانییەکاندا.

٣- بەکارهێنانی شاشە لەگەڵ کەمبوونەوەی حەز و بەشداریی منداڵ لە یارییە کۆمەڵایەتییەکان و چالاکییە دەرەوەییەکان و کارلێکردن لەگەڵ هاوتەمەنەکاندا هاوکات بووە، و لە داتاکاندا نیشانەی ئەم ڕەفتارە لە ئەزموونی دایک و باوکاندا بەدیکراوە.

٤- ڕەفتاری تۆند، هاوارکردن و بەکارهێنانی وشەی توند لەگەڵ بەکارهێنانی هەندێک یاری و ناوەڕۆکی ئۆنلاین (وەک پۆبجی و ڕۆبلۆکس) لە داتاکانی تۆژینەوەکەدا هاوکات بووە، بە تایبەتی لە کاتێکدا کە منداڵ لەگەڵ یارییەکەدا کارلێکێکی زۆر دەکات.

٥- سنووردارکردن یان سەندنەوەی شاشە لەگەڵ سەرهەڵدانی تووڕەبوون، هاوارکردن و ڕەفتاری سەرپێچی لە منداڵدا هاوکات بووە، کە ئەمە گرنگیی شێوازی ڕێکخستنی کاتی بەکارهێنانی شاشە لەلایەن خێزانەوە دەخاتەڕوو.

٦- کەمبوونەوەی گفتوگۆ و کارلێکی زمانی و هەندێک لاوازی لە توانای دەربڕین و ئاخاوتن بە زمانی دایک (کوردی) لەگەڵ بەکارهێنانی زۆری شاشەدا هاوکات بووە. هەروەها جۆری ناوەڕۆکی شاشە کاریگەریی جیاوازی لەسەر شێوازی بەکارهێنانی زمان نیشان داوە.

٧- بەکارهێنانی زۆری شاشە لەگەڵ کەمبوونەوەی کارلێکی کۆمەڵایەتی و خێزانی و زیادبوونی پشتبەستنی منداڵ بە شاشە هاوکات بووە، بە تایبەتی لەو حاڵەتانەی کە شاشە بووەتە سەرچاوەی سەرەکیی خۆشگوزەرانی و سەرقاڵکردنی منداڵ.

٨- کەمبوونەوەی سەرنج و تەرکیز، خەیاڵڕۆیشتن و پێویستی بە دووبارەکردنەوەی قسە و داواکارییەکان لەگەڵ بەکارهێنانی زۆری شاشەدا لە داتاکانی تۆژینەوەکەدا تێبینی کراوە.

٩-چاودێری و ڕێکخستنی کاتی بەکارهێنانی شاشە لەلایەن دایک و باوکەوە وەک فاکتەرێکی گرنگ لە بەڕێوەبردنی شاشە لە ناو خێزاندا دەردەکەوێت، بەڵام سەرقاڵیی دایک و باوک و فشاری ژیانی ڕۆژانە جێبەجێکردنی سنوورەکان بە شێوەیەکی بەردەوام ئاڵۆز دەکات.

سییەم: دەرئەنجامەکانی تۆژینەوەکە(Conclusions)

لەسەر بنەمای شیکاریی چۆنایەتیی داتاکانی بەشی مەیدانی و بەستنەوەیان بە چوارچێوە تیۆرییەکەی تۆژینەوەکە (تیۆریی باندورا، برۆنفنبرێنەر، و بلۆمەر)، تۆژینەوەکە گەیشتووەتە ئەم دەرئەنجامە زانستییانەی خوارەوە:

١-ماوەی کاتی بەکارهێنان و ژینگەی خێزانی: دەرئەنجامەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە بەکارهێنانی شاشەی زیرەک لەلایەن منداڵانی نموونەکەوە کاتێکی بەرچاوی ژیانی ڕۆژانەیانی گرتووەتەوە (لە هەندێک حاڵەتدا بۆ ٤ تا ٥ کاتژمێر ڕۆژانە گەیشتووە). لە ڕوانگەی تیۆریی سیستەمە ژینگەییەکانەوە(Bronfenbrenner, 1979) ، ئەم هاوکاتبوونەی کاتی دیجیتاڵی بەرز و کەمبوونەوەی دەرفەتی کارلێکی ڕاستەوخۆ لە ناو ژینگەی یەکەمینی منداڵدا (Microsystem)، هاوسەنگیی پەیوەندییە خێزانییەکانی بەرەو ئاڵۆزی بردووە.

٢- دیالۆگی خێزانی و گەشەی زمانی: داتاکانی تۆژینەوەکە هاوکاتبوونی لەنێوان زیاتربوونی کاتی بەکارهێنانی شاشە و کەمبوونەوەی دیالۆگ و ئاڵۆگۆڕی سۆزداری لە نێوان منداڵ و ئەندامانی خێزاندا نیشان دەدەن. بەپێی تیۆریی کارلێکی هێمایی (Blumer, 1969)، کاتێک کارلێکی زارەکی و جەستەیی ڕۆژانە کەم دەبێتەوە، پرۆسەی فێربوونی نیشانە کۆمەڵایەتییەکان و توانای دەربڕینی زمانی لە ژیانی واقیعیی منداڵدا بەرەو سستبوون دەچێت.

٣-مۆدێلکردنی ڕەفتار و کاردانەوەکان: دەرئەنجامەکان ڕوونی دەکەنەوە کە ڕەفتارەکانی وەک هاوارکردن، تووڕەیی و بەکارهێنانی وشەی توند کە لای هەندێک لە منداڵان لە کاتی یارییە ئۆنلاینەکاندا (پۆبجی و ڕۆبلۆکس) بەدی دەکرێن، دەکرێت لە ڕوانگەی تیۆریی فێربوونی کۆمەڵایەتیی باندوراوە (Bandura, 1977) وەک دیاردەی مۆدێلکردن (Modeling) لێکبدرێنەوە، بەبێ ئەوەی بە بەڵگەی ڕاستەوخۆی هۆکاریی سەلمێنراو دابنرێن.

٤- کاردانەوەی هەڵچوونی لە کاتی سنووردارکردندا: سنووردارکردن یان سەندنەوەی ئامێرە دیجیتاڵییەکان لەگەڵ سەرهەڵدانی تووڕەبوون و سەرپێچیکاری لە منداڵدا هاوکات بووە. ئەم کاردانەوانە دەربڕی دروستبوونی پشتبەستنی سۆزداریی بەرزی منداڵن بە شاشەکانەوە لەلایەک، و هەروەها نیشانەی ئاستەنگەکانی دایک و باوکانن لە جێبەجێکردنی جێگیری ڕێساکان بە هۆی سەرقاڵی و فشاری ژیانی ڕۆژانەوە.

چوارەم: پێشنیارەکانی تۆژینەوەکە (Recommendations)

١ -پێشنیار دەکرێت کاتی بەکارهێنانی شاشەی زیرەک بۆ منداڵانی تەمەن ٦–١٢ ساڵ بە شێوەیەکی ڕێکخراو دابنرێت، بەتایبەتی لە کاتی خواردن و پێش خەوتن.

٢ -پێشنیار دەکرێت بە جێگرتنەوەی بەشێک لە کاتی شاشە بە چالاکییە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکان، وەک یاری، گفتوگۆ و چالاکییە دەرەوەییەکان، پەیوەندیی ڕاستەوخۆی منداڵ بەهێز بکرێت.

٣ -پێشنیار دەکرێت دایک و باوک گرنگیی زیاتر بە هەڵبژاردنی ناوەڕۆکی گونجاو بۆ تەمەن و چاودێریکردنی جۆری یاری و بەرنامەکانی منداڵ بدەن.

٤ -پێشنیار دەکرێت لە کاتی سنووردارکردنی بەکارهێنانی شاشە، گفتوگۆ و ڕێنمایی بەکاربهێنرێت و ڕێکخستنی کات بە شێوەیەکی بەردەوام بکرێت، بۆ ئەوەی منداڵ بتوانێت هاوسەنگی لە نێوان بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا و ژیانی کۆمەڵایەتی دروست بکات.

پێنجەم: ڕاسپاردەکانی تۆژینەوەکە (/ Suggestions) Proposals

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [s], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12614]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

١ -حکومەت و دامەزراوە پەروەردەییەکان: پێویستە پرۆگرامە هۆشیارکەرەوەکان بۆ خێزانەکان سەبارەت بە بەکارهێنانی گونجاوی شاشەی زیرەک لەلایەن منداڵانەوە دابین و پەرەی پێ بدرێت.

٢ -قوتابخانەکان: پێویستە سیمینار و چالاکییە پەروەردەییەکان بۆ دایک و باوک و قوتابیان بەڕێوە ببرێن، بۆ هۆشیارکردنەوەیان سەبارەت بە ڕێکخستنی کاتی شاشە و گرنگیی پەیوەندی و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان.

٣ -دایک و باوک: پێویستە کاتی بەکارهێنانی شاشەی منداڵەکانیان ڕێک بخەن، ناوەڕۆکی بەکارهاتوو چاودێری بکەن و هاوسەنگی لە نێوان بەکارهێنانی شاشە و چالاکییە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکاندا دروست بکەن.

٤- زانکۆ و دامەزراوەکانی توێژینەوە: پێویستە توێژینەوەی زیاتر لەسەر بەکارهێنانی شاشەی زیرەک و پەیوەندییەکانی بە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی منداڵان ئەنجام بدرێت، بە نموونەی گەورەتر و بە شێوازی جۆراوجۆری توێژینەوە.

لیستی سەرچاوەکان(References)

یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان

1- ئەمین، نەسرین حەسەن (٢٠٢٠). دەروونناسیی کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری مرۆڤ. سلێمانی: چاپی یەکەم.

2- مەعروف، کامەران عەلی (٢٠٢٢). بنەماکانی پەروەردەی منداڵ و گەشەکردنی کەسێتی. هەولێر: ناوەندی چاپ و پەخشی سەردەم.

دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان

1- الخفاف، إيمان عباس (٢٠١٣). نظرية المنظومات الإيكولوجية: برونفنبرينر. عمان: دار المناهج للنشر والتوزيع.

2-العمر، معن خليل (٢٠٠٥). النظريات المعاصرة في علم الاجتماع. عمان: دار الشروق للنشر والتوزيع.

3- شريفي، فاطمة الزهراء (٢٠٢٢). «دور وسائل الإعلام والتقنيات الحديثة في تشكيل السلوك الاجتماعي للطفل في ضوء نظرية التعلم الاجتماعي». مجلة العلوم الإنسانية والاجتماعية، ١٤(٢).

سێیەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان(English References)

. Biddle, B.J. (2013). Role Theory: Expectations, 1 Identities, and Behaviors. New York: Academic Press.

. Braun, V. and Clarke, V. (2006). 'Using thematic 2 analysis in psychology', Qualitative Research in Psychology, 3(2).

. Eirich, R., McArthur, B.A. and Madigan, S. (2022). 3 'Screen Time and Child Behavioral Problems: A Systematic Review and Meta-Analysis', JAMA Pediatrics, 176(11).

. Linebarger, D.L. and Vaala, S.E. (2010). 'Screen 4 media and child development'. In: Handbook of Research on Digital Media and Early Childhood Education. Hershey: IGI Global.

. Madigan, S., Browne, D., Racine, N., Mori, C. and 5 Tough, S. (2019). 'Association Between Screen Time and Children's Performance on a Developmental Screening Test', JAMA Pediatrics, 173(3).

. Oswalt, S.B. and Riddell, M. (2021). 'The Impact of 6 Digital Screen Exposure on Social Behavior and Emotional Regulation in School-Aged Children', Journal of Child and Family Studies, 30(4).

. Plowman, L. and McPake, J. (2023). 'Parental 7 Mediation Strategies in the Digital Age: Balancing Control and Child Autonomy in Home Environments', British Journal of Educational Technology, 54(1).

. Turkle, S. (2015). Reclaiming Conversation: The 8 Power of Talk in a Digital Age. New York: Penguin Press.

Twenge, J.M. and Campbell, W.K. (2018). .9 'Associations Between Screen Time and Lower Psychological Well-Being Among Children and Adolescents: Evidence from a Population-Based Study', Preventive Medicine Reports, 12

دور استخدام الشاشات الذكية في السلوك الاجتماعي للأطفال الذين تتراوح أعمارهم بين 6 و12 عاماً دراسة ميدانية في السليمانية.

المستخلص

تهدف هذه الدراسة الكيفية (النوعية) إلى استكشاف تأثير استخدام الشاشات الذكية (مثل: الهواتف الذكية، الأجهزة اللوحية، وشاشات التلفزيون) على السلوك الاجتماعي للأطفال ضمن الفئة العمرية (6–12 سنة) في مدينة السليمانية. تعد هذه المرحلة العمرية من المراحل الأساسية للنمو الاجتماعي واكتساب مهارات التفاعل البشري، مما يجعل نمط استخدام التكنولوجيا عاملا ذا تأثير في الحياة اليومية للأطفال وأسرهم.

اعتمدت الدراسة على المنهج الكيفي (النوعي)، وشملت العينة 15 من أولياء الأمور (الآباء والأمهات) لأطفال يتراوح أعمارهم بين 6 و12 سنة ممن يستخدم أطفالهم الشاشات الذكية يوميا. تم جمع البيانات عبر مقابلات شبه منظمة تغطي أربعة محاور رئيسية، وتم تحليلها باستخدام أسلوب التحليل الموضوعاتي (Thematic Analysis) وفق خطوات.(Braun & Clarke)

أسفرت نتائج التحليل عن تسعة محاور موضوعاتية (تيمات) رئيسية: مدة الاستخدام اليومي للشاشات، تراجع الحوار والتواصل الأسري، انخفاض التفاعل الاجتماعي والألعاب الجماعية، ظهور سلوكيات عنيفة ومحاكاة العدوان، الانفعال الشديد عند تحديد وقت الاستخدام، ضعف التعبير اللفظي ومشاكل المحادثة، العزلة الاجتماعية والاعتماد المفرط على الشاشات، تشتت الانتباه وقلة التركيز، ودور الوالدين في المراقبة وتنظيم أوقات الاستخدام.

تظهر أفكار وتجارب المشاركين أن الاستخدام المفرط وغير الموجه للشاشات يؤدي إلى تراجع التفاعلات الاجتماعية اليومية للأطفال. كما تبين أن نوعية المحتوى، وطبيعة الرقابة الوالدية، وتحقيق التوازن بين وقت الشاشة والأنشطة البدنية والاجتماعية، تعد عوامل أساسية في فهم التأثير الشامل للتكنولوجيا في الحياة الاجتماعية للطفل.

الكلمات المفتاحية: الشاشات الذكية، السلوك الاجتماعي، التفاعل الاجتماعي، الطفل، استخدام التكنولوجيا.

The role of smart screen use on the social behavior of 6- to 12-year-old children

It is a field research in Sulaimani

Abstract

This study explores how daily exposure to smart screen technology—including smartphones, tablets, and televisions—shapes the social behavior of children aged 6 to 12 in Sulaymaniyah City. Given that this developmental period is foundational for acquiring social skills and forming interpersonal relationships, screen habits significantly alter both child behavior and family life.

Employing a qualitative research design, the investigation gathered data through semi-structured interviews with 15 parents of children aged 6–12 whose children interact with digital screens on a daily basis. The data collection covered four broad inquiry domains, which yielded nine distinct contextual themes through thematic analysis following Braun and Clarke's framework.

The thematic analysis identified nine distinct themes: total daily screen time, reduced intra-family communication, diminished physical play and peer interaction, aggressive behavior and media imitation, emotional temper outbursts during screen enforcement, challenges in verbal expression and speech development, social isolation accompanied by digital reliance, shortened attention span, and parental approaches to managing screen access.

Findings indicate that unmonitored and prolonged screen use directly correlates with a decrease in children's face-to-face social engagements. Active parental oversight, content selectivity, and maintaining a balance between digital exposure and physical or social activities emerge as crucial elements in determining how smart devices affect a child's social environment.

Keywords: Smart Screen, Social Behavior, Social Interaction, Child, Technology Use.

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [s], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12614]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]